السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تووشی تاقیکردنەوە بەڵا وناخۆشی دەكات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تووشی تاقیکردنەوە وناخۆشی دەکات».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ بەندەکانی بوێت ئەوا لە نەفسی خۆیان وماڵیان ومنداڵەکانیان تاقیان دەکاتەوە وتووشی بەڵایان دەکات چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکان وبەرزبوونەوەی پلەکانیان، وئەگەر کەسی ژیر سەیری سەرەنجامەکانی بەڵا وتاقیکردنەوەکان بکات ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە خێرە بۆی لە دونیا وقیامەتدا، وخێری ئەم تاقیکردنەوانە لە دونیادا ئەوەیە کە ئەو کەسە پەنا دەباتە خوای گەورە بە پاڕانەوە لێی ودوعا کردن وملکەچ بوون ودەرخستنی پێویست بوون، بەڵام لە قیامەتدا دەبێتە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکان وبەرزبوونەوەی پلەکان. خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ} [البقرة: 155]، واتە: {سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە هەندێک لەترس و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و دارایی و خەڵکی (کەس وکارتان) و بەرووبووم جا مژدە بدە بە خۆڕاگران}. ئەم فەرموودە گشتییە تایبەتکراوە لە هەندێک فەرموودەی تردا کە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مەبەست (ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت) واتا: ئەگەر کەسەکە ئارام بگرێت وداوای پاداشت لە خودا بکات، بۆیە خوای گەورە ئەو کەسە تووشی ناخۆشی دەکات بۆ ئەوەی تاقیبکاتەوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ تووشی ناخۆش وتاقیکردنەوەی زۆر بوو وئارامی نەگرت ئەوا ئەمە هیچ خێرێکی تێدا نییە، وکافرەکان تووشی بەڵا وناخۆشی دەبن زۆر دەبن، ولە گەڵ ئەمەشدا لە سەر کوفری خۆیان دەمێننەوە وهەتا لە سەر کوفر دەمرن، وئەوانە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە خێری بۆیان ناوێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4204

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee